## پرۆژەی حەزە ووردیلەییەکان .......12



# کوامبمان کالاین .....؟؟!!

## تۆی شۆخ و مني بلح .... تۆی نەرم و مني زبر....!

### جەزا چنگیانی

درۆم نەبێژاوە .. تۆ شۆخترین و تەڕترین ئافرەتی سیکسی ئەم دیسکۆییەت . بالاکەت هێندەیە کە جوانێکەت پیویستێتی . مەمکەکانت خڕ و تورتن بە زمان پێهانینێ . نێرینە تۆوی دەتکێ . چاوەکانت لە جیاتی کل و ماسکارە هەریەکەیان بە مستی شەهوەتی ڕەشی گڕگتوو ڕشکردوە . کلپەی حەز بۆ ڕۆحی نێرینە دەبەن .. واز لە لێوەکانت بێنە بێ پەیڤین و جولەش شیرینی هەنگوینیان لێدەتکێ . لووتت هێندە خنجیلانەیە ئەگەر سێ جار لووتم قارسبکەم ناگاتە نیوەی لووتی تۆ . مووەکانی سەرت عەیارانە ڕێکخستوە پارسەنگی تەواوی ئەندامەکانی رووتی هانیوەتەوە . ڕەنگ و دیکۆری بەرگەکانت , قۆلی رووت وکراسی کورتی سەروو ئەژنۆ . گەواهی وێنەی ناوگەلێکی بێ تۆك و خرپنی تۆن .لە هیچ خالێکی جوانی کەمت نیە . بۆ لەم دیسکۆ عەشاماتدارەدا پەیکەری جەستەت لە بەر دیدەی بە شەوقترین گلۆپ هەلخستووە و نێرینەیەك نیە نیگا سلاوێکت پێشکەش بکات ؟؟. ئەمە نهێنییە یان هەلە ؟ تۆ جوانترین ئافرەتی ئەم دیسکۆیەت و منیش بلح ترین پیاو لێرەدا . من لە تەنایی خۆم تێدەگەم .

– ئەی تۆ بۆچی تەنیایی ؟؟

– نازانم ... بۆچی وا نیرینە تەنیاییەکانی ئەم دیسکۆیە زاتیان نیە داوای چرکە سەمایەکم لێبکەن ؟

– ئەزانی بۆ ؟؟؟ چونکە گشت نیرینەکان لێتدەترسن .!

– بۆچی من خێوم ؟؟

– نا تۆ شۆخیت . وەلی تۆ گرانی . نێرینەکانیش دراوی کڕینی تۆیان پێ هەلناسوڕێ . ئەوان لەوە دلنیان ئێوەی شۆخ بەبێ دیاری بەهادار و خواردنەوەی گران .گۆپکەی مەمکەکانتان ... تەڕی لیوەکانتان ناوگەلی لینجتان . ناکەن بەدیاری حەزە ڕۆحیەکان . ڕۆحی ڕۆمانسی ئێوە ئاوینە و ئاریش و عەتری گران و ملوانکەی زێڕ وشکیکردوە . نە لە تامی ئامێزێکی زبر و توکاوی . نە لە زەردەخەنەی ڕەحەت بوونی ڕۆح وجەستە . نە لە کۆتای ڕۆمانێکی ڕۆمانسی و خوێندنەوەی پەرتووکێك دەگەن...منی نێرینەی بلح و ناشیرینیش.. بۆیە تەنیام چونکە ئافرەتاکان بە بەرگەکانما دەزانن من کریاری گرانی ئەوان نیم .

– بۆچی ئێمە کاڵاین یان مرۆڤین ؟؟؟

– نازدارەکەم سەردەمی ڕۆمانسیتی پۆشکین و نالی و ڕۆمی و جولیت بەسەرچوو ... لەو ساتەوەی زمانی گوولۆ بڕا .. گلۆباڵیزم بە باڵای مرۆڤدا کرا ...دراو بۆ بە کلیلی حەزە ڕۆحیەکان... تۆی شۆخ و منی بلح و گشت مرۆڤایەتی بوین بەکاڵا ...

24/05/ 2005 ... سان پیترسبۆرگ

jazachingiani@hotmail.com
www.chingiani.de